www.kurdistannet.org

# ستایش کردنی خومەینی، دوا ئەڵقەی زنجیرە سەوداکاریەکانی یەکێتیِ نیشتیمانی کوردستان نیە

لە ژمارە ٤٧٦ ی ڕۆژی هەینی ٧-٦-٢٠٠٢ ی هەفتەنامەی (الآتحاد)ی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کە لە هەندەران چاپ دەکرێت، هەواڵی کۆڕێک کە لە سلێمانی، و بە ئامادەبوونی سەرەک وەزیران و چەندین وەزیری حکومەتەکەی جەلال تالەبانی، بۆ یادی ١٣ ساڵەی مردنی خوومەینی سازکرابوو، بلاوکراوەتەوە. یەکێتی ئەم کۆڕە لەکاتێکدا ساز دەکات، کە دەیان ڕۆڵەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ماوەی شەش مانگی ڕابوردوودا، لەزیندانەکانی رژێمی کۆماری ئیسلامیدا لە سێدارە دراون(١). بێ گومان ئەم هەڵوێستەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، نزمترین و دزێوترین هەلوێست نیە کە یەکێتی و سەرکردایەتیەکەی لەبەرامبەر گەلی کورد بە گشتی، و گەلی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان بەتایبەتی، پیشانیان دابێت. لە ١٤-٦-١٩٨٩ دا، و پاش تێپەڕبوونی تەنها یەک ڕۆژ بەسەر تیرۆر کردنی د. عبدالرحمان قاسملۆ لە ڤیێنا، بەدەستی تاقمێک لە پیاوکووژەکانی سازمانی ئیتلاعاتی رژێمەکەی هەمان خوومەینی، جەلال تالەبانی، بێ ئەوەی گوێ بداتە هەستی زامداری ملیۆنان کورد لە سەرتاسەری کوردستاندا، و تەنها بەمەبەستی ڕازی کردنی خوومەینی و ڕژێمە تاوانکارەکەی، لە کەناڵەکانی سەدا و سیمای کۆماری ئیسلامیەوە، زۆر بە توندی، پاکانەی بو بکوژانی قاسملۆی هاوڕێی دەکرد و داکۆکی لێ دەکردن(٢). هەڵبەتە ئەمە لە سەردەمێکدا بوو، یەکێتی دەواری هەرەسی لە بلەکێ، و سەقز، و بانە هەڵدابوو، و لە ژێر فەرمانی قەرارگای ڕەمەزان و حەمزەدا دەبزوا.

ئەم سازش و سەوداکاریەی ئێستای یەکێتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا، لە کاتێکدایە کە هەڕەشە و گوڕەشەکانی تاقمی جوند الاسلام تەنگی پێ هەڵچنیون و ئارامی لێ بریون. بەلاّم یەکێتی دەبێ چاک ئەو ڕاستیێە بزانێ، کە نە هەڕاجکردنی کەرکووک(٣)، و نە ستایشکردنی خوومەینی، هەلوێستی دڕندانەی داگیکەران لەهەمبەر بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلی کوردستان ناگۆڕێت. بەڵکە بە پێچەوانەوە، سەوداکاری نیشانەی لاوزی، و سوکایەتی بە خەباتی سەدان ساڵەی گەلی کوردستان بۆ ساناترین مافەکانی مرۆڤ، وبازرگانی بە خوێنی شەهیدانەوە کردنە. سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی جیاوازی لە نێوان دیپلۆماسییەت و سەوداکاریدا نەهێشتوە، و تەنها بۆ مەبەستی ماندنەوەی خۆیان، ئامادەن دوا قووژبنی کوردستان هەڕاج بکەن، و دووژمنان و داگییرکەرانی کوردستانیش بکەنە پشت و هاوپەیمان لێمان.

لە هەمان کۆڕی بەدناودا، سەرەک وەزیرانەکەی یەکێتی نیشتمانی و هەموو گوتەبێژەکانی تر، کە هەندێکیان بەئاشکرا سەر بە دام و دەزگا ئیتلاعاتی و جاسووسیەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامین(٤)، بە شان و باڵی خوومەینیدا هەڵدەدەن، و دەیکەنە کەسایەتیەک، کە بێ ووچان لە پێناوی میلەتانی ستەمدیدەی جیهاندا جەنگیوە! کە ئەمە هەرهەمووی یەک چەپک درۆ و دەلەسەی هەلبەستراوی ئاشکرای سەوداکارانە. خوومەینی و ڕژێمە دژ بە مرۆڤایەتیەکەی، تەنها پشتگیریان لە تیرۆر و تیرۆریستان کردوە. گەر میلەتی کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان چەوساوە

www.kurdistannet.org

و لەگشت مافە سەرەکیەکانی مرۆڤ بێ بەش نەبێت، ئەی کامەن ئەو میلەتە موستەزعەفانەی کە خوومەینی و رژێمە بۆگەنەکەی، بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی خۆیان بە هانایانەوە چووبن؟

بەڵام وا پێدەچێ ئەمە دوایی سەوداکاریەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە گەڵ دووژمنان و داگیرکەرانی کوردستاندا نەبێت، و ئەم پەلەقاژەیەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ماندنەوە و دەستەڵات دەیکات، سازشی زۆری تری بە دوادا بێت!

**دکتۆر ت. بابان**

(١) راپۆرتی **Amnesty International** ی سالی ٢٠٠٢

(٢) **دیمانەیەک لە گەڵ جەلال تالەبانی، لە کەناڵی یەکی تەلەفیزیۆنی سەدا و سیمای کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، بلاو کرایەوە**

(٣) رۆژنامەی **Daily Telegraph** ی لەندەنی، رۆژی ٢-٥-٢٠٠٢

(٤) **مەلا عەلی باپیر، محەمەدی حاجی مەحموود، مەلا ئەحمەد مەحموود**